

# دەستە مۆدەیەکی

ڕەنگی سەوز بە ڕەنگی سەرنجڕاکێش دەناسرێت، بەتایبەت کاتێك لەبواری جلوبەرگەوە بەکاردەهێنرێت. چونکە ڕەنگی سەوز تایبەتمەندی خۆی هەیە و لەبەرچاو دەردەکەوێت کە سەرنجڕاکێشی پێوە دیاردەبێت. هەروەها ڕەنگێکی سادەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ چەندین ڕەنگی دیکە بگونجێت ئەمەش هۆکارێکە بۆ گرنگیدان بە ڕەنگی سەوز لە بواری مۆدەوە.

ئەم دەستە مۆدەیە پێکهاتووە لە ڕەنگی سەوز، هەر جل و ئێکسسوارێك لە جۆرە ڕەنگێکی سەوزە، بە مانای ئەوەی هەریەکە بەپێی گرنگی خۆی ڕێژەی ڕەنگەکەی پێبەخشراوە،



# کووپ وەک ئێکسسوارێکی جوانی ماڵ

چەندین ئێکسسوار لە ماڵەکەت جێگەی تایبەتی و جوانی خۆی هەیە، بەتایبەت ئەوانەی ڕۆژانە بەکاردەهێنرێت بۆ خواردن و خواردنەوە، یەکێك لەم ئێکسسوارانەی پێویستییە لە ماڵەکەت ئەویش (کووپ فنجان)ە، کە بەکاردەهێنرێت بۆ خواردنەوەی شلەمەنی و هەروەها بۆ چای و قاوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەکاردەهێنرێت بۆ خواردنی ساردەمەنی وەك : گێمەڕ و ئایس کرێم.

ئێکسسواری کووپ و فنجان دەبێت جوانییەکی تایبەتی هەبێت، چونکە بەهۆیەوە خواردنی لێوە دادەنرێت و ئەمەش بۆ ئەوەی هەستێکی خۆش بداتە ئەو کەسەی کە لەم کووپ و فنجانانە شت دەخواتەوە. بتوانە ماڵەکەت




بە کووپ و فنجانی ڕەنگی سپی بێت، ئەمەش بۆ ئەوەی لەکاتی پیسبوون دەربکەوێت و پاك بکرێتەوە، چونکە ڕەنگی سپی بۆ ئێکسسواری ماڵ جوانی تایبەتی هەیە. هەروەها هەوڵبدە کووپ و فنجانی ڕەنگ سپی هەڵبژێری، شێوەیەکی تری جوانی کووپ دەردەکەوێت کاتێك نەخش و شێوەی لەسەر هەبێت. وەکو ئەم کووبانە، ئەم جۆرە کووپ و فنجانە وەك مۆدەیەکی ئێستا دادەنرێت بۆ ئەوەی وەك کەرستەیەکی ژووری چێشت زیاتر ماڵەکەت جوانتر بکات.

# چاکترین ڕێگە بۆ ئامادەکردنی (چای)!



خواردنەوەیەکی سەرەکی ماڵ کە ڕۆژانە دوای هەر ژەمێك یان وەك خواردنەوەیەکی سەرەکی بۆ ژەمی بەیانی دادەنرێت، ئەم خواردنەوەش (چای)یە، هەروەها چەندین ڕێگە هەیە بۆ ئامادەکردنی (چای)! هەر خانمێك بەشێوەیەکی تایبەتی خۆی چای ئامادە دەکات، لەگەڵ ئەوەی جیاوازی هەیە لە نێوان جۆری دەرمانی چای کە دەبێت بە ڕێگەی تایبەتی مامەڵەی لەگەڵ بکەیت.

بوونی هەر هەڵەیەك لەکاتی ئامادەکردنی چای دەبێتەهۆی ئەوەی (چا)یەکە تامی خۆش نەبێت و بەڵکو نەتوانرێت بخورێتەوە.

دەتوانیت لەم ڕێگەیەوە چای ئامادە بکەیت و بۆ ئەوەی خانمی خۆت دەربخەیت لە ئامادەکرنی چای :

- سەرەتا ئاوی سارد گەرم بکە، بەڵام نەوەك زۆر گەرم بێت.
- دواتر دەرمان چای بخەرە ئاوەکە، ئەمەش نەك ڕاستەوخۆ بەڵکو دەرمانەکە بە یەکسانی دابەش بکە بۆ ناو کترییەکە بە مەرجێك دەرمانەکە بکەوێتە سەر ئاوەکە و دابەش ببێت.
- دواتر مەهێڵە زۆر بمێنێتەوە لەسەر ئاگر کە ئەمە دەبێتەهۆی سووتانی و گۆڕینی تامی چایەکە.
- پاشان پێش ئەوەی بیهێنیتە خوارەوە، بە کەوچکێك چایەکە تێکبدە و بۆ ئەوەی ئاو و دەرمان چایەکە تەواو تێکەڵ ببێت.

# مۆدەی گوارەی شێوە گوڵ



گـواره وەك هـەر ئێكسسوارێكی سەرەكی بۆ گوێچكە، گواره رۆژانە لە گۆڕانكاری و مـۆدەی تازەی لێوە دەردەچێت. ئەم مۆدەیە بریتییە لە گوارە لە شێوەیەكی جوان و ناسك، كە توانیویانە مۆدەی ئەمجارە لە شێوەی (گوڵ) بێت. لەگەڵ ئەوەی گوڵ جوانە و هەروەها گـوارە لەم شێوەیە جوانییەكی تەواو دەربخات. ئەمەش شێوەیەكی جوان نیشاندەدات كاتێك ئێكسسـوار لـە گوڵ بێت، وەك (تۆقەی قـژ) كە زۆربەی لە شـێوەی گوڵ دروسـت دەكرێت، بوونی گوارە لەم شێوەیە وەك ئەوەی



دەیبینن شێوەی گوڵ نیشان دەدات، دەبێتە هـۆی دەركەوتنی گوێچكە لەگـەڵ گوارەكـە بـەم مۆدەیە توانراوە ئێكسسوارێكی سەرەكی لە مۆدەیەكی جوانەوە دروسـت بێت. جگـە لەوەی لـە چەندین رەنگەوە مۆدەی ئەم گوارانە دانراوە لەوانە: سوور، پەمەیی، قاوەیی، سەوز..

شـێوەی ئـەم گوارانـە گەورەیە، بـەڵام شـێوەكەی پێچەوانـەی قورسـیەكەیەتی چونكە سووكە و ئەزیەتی گوێچكە نادات، هەروەها شێوەی درێژە و جوانییەكی سەیری هەیە!



# رەنگی سەوز

ئەمەش گرنگە لە بواری جوانكارییەوە، بۆ نموونە: دەبێت رەنگی جلی سەرەوە رەنگەكەی تۆختر بێت لە جلی خوارەوە، یان لە ئێكسسـوار وەك جەنتا، پێڵاو. هەروەها دەتوانیت سـەوز لەگەڵ رەنگی دیكە و ئێكسسواری دیكە بپۆشیت، چونكە تێكەڵی رەنگی سـەوز دەگونجێت لەگەڵ چەندین رەنگی دیكە وەك: رەنگی ئەڵماس، شین، زەرد..



ئەم دەسـتە مۆدەیە پێكهاتووە لە : جەنتا، پێڵاو، كراسی ژێر، گوارە، كراس. ئەمانەش دەبێتە دەستە مۆدەیەكی تایبەت بە رەنگی سەوز، كە شایستەی جوانییەكی تایبەتە.

# ئەڵقە بۆ رازانەوە و جوانی دەستەكانت



یەكێك لەم ئێكسسـوارانەی كە تایبـەت دەبێت بە جوانی دەست، ئەمەش بەهۆی ئەوەی شێوەیەكی جوانی هەیە، ئەم ئێكسسـوارە دەبێتە دوو جۆر لە مۆدەی رۆژهـەڵات كە ئەوانەنن (ئەڵقە و ئەنگوسـتیلە). لێرەدا مۆدەیەكی تازە و تایبـەت ئەڵقە بۆتـە مۆدەیەكی سەرەكی بۆ ئەوەی جوانی دەست زیاتر دەربكەوێت.


ئـەم ئەڵقانە شێوەیەكی نـاسـكـی هـەیـە، بەتایبەت بە رەنگێكی جوانەوە نەخشێنراوە كە بە رەنگی ئەڵماسی بریـقـەدار دەناسرێت.

شـێوەی ناسكی ئەڵقە كـاریـگـەری دەبێت لـەسـەر جوانـی دەست، ئـەم ئەڵقانە بەشێوەیەك مـۆدەی بۆ كراوە، چونكە لـەسـەرەوەی ئـەم جۆرە ئەڵقەیە وێنە و نەخشی جوانی نەخشێنراوە كـە لـەسـەر پەنجەوە دەردەچـێـت وەك وێنەی (دڵ، پەپوولە، نەخشی تایبەت).

ئەم ئەڵقانـە تایبەت دەبێت بۆ شوێنی تایبەت و لەگەڵ ئەوەی شێوەیەكی تایبەتی و جوانی هەیە بۆ ئەوەی دەسـت بڕازێنێتەوە بۆ جوانییەكی تایبەت، لەم رێگەوە دەتوانیت سـوود لە ئەڵقەی ناسك و شـێوەی بچـووك وەربگریـت بۆ ئەوەی ئێكسسواری دەستت لە جوانییـەوە نزیك بكەیتەوە.

# باڵەخانەیەک تەنیا لە وەرەقەی کۆنکان!





کوڕە گەنجێکی ئەمەریکی حەزی بە کارێکی سەیرە و ئەم حەزەش بریتییە لە باڵەخانە و شوێنی بەرز، ئەم گەنجە ناوی (بریان بێرج)ە و تەمەنی (٣٣) ساڵە، توانیویەتی چەند باڵەخانەیەك دروست بکات ئەمەش تەنیا لە (وەرەقەی کۆنکان – کۆتشینە)! ئەم حەزەی ئەم گەنجە لە تەمەنی (٨) ساڵییەوە بۆی دروستبووە تا گەیشتۆتە ئەم تەمەنەی ئێستای تاوەکو حەزەکەی بەجێهێناوە.

ئەمەش بەهرەیەکی سەیرە و لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بەیەکتر گەیاندنی وەرەقەکان، هیچ کەرستەیەکی بەکارنەهێناوە وەك (سیکۆتین یان هەر ماددەیەکی دیکە)، تەنیا شەکر و ئاوی بەکارهێناوە ئەمەش نەوەك بۆ گشت وەرەقەکان بەڵکو تەنیا بۆ ئەوانەی شوێنێکی گونجاویان نییە بۆ ئەوەی بوەستێت. ئەو باڵەخانانەی لەلایەن ئەم گەنجە دروستکراوە بەرزیەکەی دەگاتە نزیکەی (٢٥) پێ، واتە نزیکەی (٣) مەتر. تەنیا کێشەیەکی هەیە ئەویش ئەوەیە کە چۆن بتوانێت (سەرەوەی) باڵەخانەکان بگرێت. چونکە سەرەوەی باڵەخان بە وەرەقە ناوەستێت، بەڵکو دەبێت بیرۆکەیەکی دیکەی بۆ بدۆزێتەوە. ئەمەش یەکێکە لە بەهرەکانی ئەو گەنجە یۆ ئەوەی کە ناوی بچێتە ناو ژمارەی پێوانەیی بۆ کاری سەیر و سەمەرە.

# قەڵەوترین منداڵی جیهان لەدایکبوو







لەگەڵ ئەوەی لە وڵاتی چین یاسایەکی تایبەت بە منداڵ هەیە ئەویش نابێت هەر ماڵێك لە دوو منداڵ زیاتریان هەبێت، بەڵام وادیارە حکوومەتی چینی ئاگاداری ئەم لایەنە نییە کە منداڵەکە چۆن بێت، چونکە هەندێك منداڵ هەیە بە ئەوەندەی (٣) منداڵی دیکە دەبێت. چونکە لە هەرێمی شیناوی چینی منداڵێکی سەیر دەبێت، سەیری ئەو منداڵە لەوەدایە کەوا کێش و شێوەی گەورەیە و ئەوەندەی سێ منداڵی دیکە دەبێت.

لەلاتان سەیر نەبێت کە ئەم منداڵە تەمەنی (٣) مانگە و بەم شێوەیە دەرچووە، کێشی دەگاتە (١٠) کیلۆگرام، ناوی ئەم منداڵە سەرەتا ناونرا بە (بیگ) ئەمەش لە ئینگلیزیدا بە مانای گەورە بێت، بەڵام دواتر لەلایەن دایك و باوکی منداڵەکە ناوی گۆڕا و کرا بە (لی). دوای پشکنینێکی تایبەت بۆیان دەرکەوت کە ئەم منداڵە سەلامەتە و هیچ نەخۆشییەکی پێوە دیارنییە.

ئەم منداڵە لەگەڵ ئەوەی قەڵەوە و کەچی شەیتانە و جووڵەی سەیر دەکات، وەك ئەوەی زمانی دەربهێنێت و گاڵتە بکات. ئەوەی سەیر بێت دایك و باوکی ئەم منداڵە لاوازن و منداڵەکەیان بەخۆیان نەچووە و وەك هەر دایك و باوکێك دڵخۆشن بۆ ئەو منداڵەیان، ئەگەر حکوومەت بزانێت ئەم منداڵە بەم شێوەیە قەڵەوە لەوانەیە یاسای قەڵەوی بۆ منداڵان دەربکات، ئەمەش بۆ ئەوەی بواری ئابووریيان سووك بێت.

# پێشبڕکێ بۆ نازناوی شای خواردن



دوای ئەوەی پێشبڕکێی ساڵانەی خواردنی هەمبرگر لە وڵاتی ئەمەریکا بەڕێوە چوو، بەڵام وادیارە برادەرێکی بەریتانی تازە لە خەو هەڵدەستێت و بە پێشبڕکێیەکە ڕاناگات. ئەم برادەرە ناوی (کلیف بیرسۆن)ە، ئەویش خۆی بەیەکێك لەو کەسانە دەناسێت کە زۆرخۆر بن و بتوانێت خواردنی زۆر بخوات. خواردنی ئەم پیاوە تەمەن (٣٢) ساڵە جیاوازە لە خواردنی پێشبڕکێی هەمبرگری ئەمەریکی، چونکە ئەم پیاوە لەجیاتی هەمبرگر بخوات بەڵکو دەتوانێت لەماوەی (١٠) خولەکدا (٢٦) پارچە کێکی گەورە بخوات.

بەم ڕێژە خواردنە دەتوانێت پێشبڕکێ لەگەڵ زۆر خۆرەکانی ئەمەریکی بکات، چونکە هەر کێکێك دەکاتە نزیکەی هەمبرگر و نیوێك، ئەگەر بێت و بەشداری لە پێشبڕکێیەکە بکردایە لەوانەبوو ئەنجامێك بەدەستبهێنێت. ئەمەش دەبێتە یەکێك لەوانەی ببێتە پاڵەوانی زۆر خۆری لە بواری خواردندا، کەچی لە پێشبڕکێ ئەمەریکییەکە یەکێکی ئەمەریکی توانی (٧٢) سەندویش بخوات لە ماوەی (١١) خولەك.



# فڕۆکەخانەیەک لەناو ئاوی دەریا !




وا هەست مەکەن ئەم ژاپۆنیانە چاو و شێوەیان بچووکە، بەڵکو خاوەن گەورەترین بیرکردنەوە و داهێنانن! یەکێك لە پرۆژە سەیر و گەورەی جیهان بریتییە لەم فڕۆکەخانەی ژاپۆنی کە لە ناو دەریا دروستکراوە، ئەمەش بۆ ئەوەی لەسەر زەوی شوێنی زۆر نەگرێت و تاوەکو سوود لە زەوی وەربگرن بۆ پرۆژەی دیکە.

ئەم فڕۆکەخانەیە دەکەوێتە باکووری شاری تۆکیۆ، بۆیە فڕۆکەخانەکەیان لەناو دەریا دروستکرد، چونکە باشووری شارەکە پێویستی بە فڕۆکەخانەیەك بوو، هەروەها لە باکوورەوە شوێنێکی مەبەست نەبوو بۆ ئەوەی بکرێت بە فڕۆکەخانە.

بۆیە بیرۆکەکە وا دانرا کە فڕۆکەخانەکە بکەوێتە ناو دەریاوە، ئەم پرۆژەیە (٤) ساڵی خایاند ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئاوی دەریا و بوومەلەرزە بووە هۆی ڕێگر لەبەردەم خێرایی بە ئەنجام گەیاندنی فڕۆکەخانەکە. وەکو دەبینن وەك شارێکی گەورە دروستکرابێت لە ناو دەریاوە، ئەم فڕۆکەخانەیە بە شێوەیەك دروستکراوە کە بوومەلەرزە کاری تێناکات و چونکە ژینگەی ژاپۆنی لە بوومەلەرزەوە نزیکە و چەندین جار بوومەلەرزە ڕوویداوە کەچی کاریگەری نەبووە لەسەر فڕۆکەخانەکە. ئەمەش دەبێتە یەکێك لە گەورەترین پرۆژەکانی جیهان لە



# سووركردنەوەی وشترێكی (٥٥٠) كیلۆگرام



بۆ ئەوەی پێشوازی لە گەورەترین میوان بكرێت، ئەمەش بەهۆی بۆنەیەكی تایبەتییەوە لەلایەن چێشتلێنەرێكی فەرەنسی كە ناوی (كریستیان فالكۆی) و تەمەنی (٦٤) ساڵە، هەروەها تاوەكو بتوانێت مێوانەكانی تێر خواردن بكات، هەڵسا بە سووركردنەوەی (وشتری)ێكی گەورە. كە تا ئێستا گەورەترین ئامادەكردنی خواردن بووە لە جیهان، چونكە وشترەكە گەورە بووە و شێوەی لەم جۆرە سووركردنەوەیە ئەنجام نەدراوە.

كێشی وشترەكە (٥٥٠) كیلۆگرامە و ئەمەش ماندووبوونێكی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی ئەم برە گۆشتە سووربكرێتەوە، ئەم وشتر سووركردنەوەیەش لە شاری (ئەسفی) لە وڵاتی مەغریب ئەنجامدراوە و نزیكەی (١٥) كاتژمێری خایاندووە تاوەكو چێشتلێنەرەكە توانیویەتی وشترەكە سووربكاتەوە.

ئەمەو كاری سووركردنەوەكە بەهۆی دارەوە بووە نەوەك بە فڕن یان كەرستەی پێشكەوتوو، تاوەكو سووركردنەوەی وشترەكە تەواو بووە، نزیكەی (٣) تەن دار سووتێنراوە و هەروەها (١٥) لیتر لە ڕۆنی بۆ دانرابوو، ئەمەو دوای ئەوەی وشترەكە پاك دەكرێت و سوور دەكرێتەوە، دەبێت بە خواردنی ئەم كۆمەڵە مێوانەی كە ئامادەی ئەم داوەتە بوون، ئەمەش بۆ ئەوەی ژمارەیەكی پێوانەیی تۆمار بكرێت لە بواری خواردندا.

# ئافرەتێک (٦) پەپوولەی بە جارێک دەبێت




بۆ ئافرەتانەی كە سكیان هەیە و ئەگەر سكیان گەورە بوو چاكترە نەترسن چونكە ئەوە مانای ئەوەیە سكەكەی زیاترە لە منداڵێك، وەكو ئەم وێنەیەی دەیبینن سەرەتا لەلایەن پزیشكەكانەوە بە حاڵەتێكی نەخۆشی دانرا، كە چۆن دەبێت سكپڕبوون بەم شێوەیە بێت ! ئەمەش كاتێك لەدوای سكپڕی ئەم ئافرەتە كەنەدییە كە ناوی (لویزا)یە و هەر لەگەڵ بوونی سكەكەی ڕۆژانە قەبارەی سكی زیاتر دەبوو تا گەیشتە ئەم ڕادەیە.

بۆیە لەگەڵ هاوسەرەكەی سەردانی نەخۆشخانە دەكەن و دوای ئەوەی پشكنینی بۆ دەكرێت، دەبێتە حاڵەتێكی سەیر و كەوا ئەم سكەی ئەم ئافرەتە (٦) منداڵی هەڵگرتووە و لە ماوەیەكی نزیكدا دەبن. ئەوەش بووە جێگەی سەرسووڕمانی ئافرەتەكە و هاوسەرەكەی، دوای ماوەیەك چاوەڕوانی ئافرەتەكە هەر (٦) منداڵەكەی دەبێت و كە بریتی بوون لە (٣)كوڕ و (٣) كچ. ئەم حاڵەتەش دەبێتە یەكێك لە حاڵەتە سەیر و سەمەرەكانی جیهان لە بواری منداڵبوون. ئافرەتەكە دەڵێت: لە سەرەتای سكەكەم هەستم دەكرد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بێتاقەت دەبم و سكم گەورەتر دەبێت، تا ئەوكاتەی پشكنینم كرد و زانیم دەبمە دایكی (٦) پەپوولە.



# درێژترین شەمەندەفەر لە جیهان



تا ئێستاش لە جیهان گەورەترین و درێژترین شەمەندەفەر لە وڵاتی ئوسترالیایە، مێژووی ئەم شەمەندەفەرە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨٩) کە لەم ساڵە درێژترین شەمەندەفەر دروستکراوە و تا ئێستاش کار دەکات لە هێڵی ئاسنینی ئوستڕالی، بۆیە وەك سەیرترین و درێژترین شەمەندەفەری جیهان دادەنرێت.


ئەم شەمەندەفەرە تایبەت نییە وەك هەر شەمەندەفەرێکی دیکە، چونکە شەمەندەفەر دەبێت تایبەت بێت بۆ گواستنەوەی مرۆڤ، یان کەرستە، یان بۆ کاری دیکە و تایبەت. بەڵام ئەم شەمەندەفەرە بەهۆی ئەوەی درێژ و گەورەیە تایبەت نەکراوە و بۆ چەندین بوار بەکاریدەهێنن. درێژی تەواوی دەگاتە (٧٠) مەتر، واتە دەکاتە ئەوەندەی کۆڵانێك لە کۆڵانەکانی شاری هەولێر. جگە لە شوێنی تایبەتی بۆ مرۆڤ، هەروەها بارهەڵگری لەدواوە هەیە و کە ئەوانیش دەگاتە (٤) بارهەڵگری گەورە، پێکهاتەی گشتی ئەم شەمەندەفەرە بریتییە لە (٦٥٠) جێگە. کە هەریەك لەم جێگایانە وەك ژوورێکی ماڵە. بە وزەی (گاز)ەوە کار دەکات و چونکە وزەکانی دیکە ناتوانن ئەم شەمەندەفەرە گەورەیە کار پێبکەن.



# درێژی ئەم قەنەفەیە دەگاتە (٧) مەتر

لەلاتان سەیر نەبێت چەندین کۆمپانیا و کەسایەتی جیهان هەوڵدەدەن شت و کەرستەی سەیر دروست بکەن بۆ ئەوەی وەك ڕێکلامێك بەکاریبهێنن لە بواری ڕێکلام کردن بۆ بەرهەمەکانیان، چونکە ڕێکلام ئەمرۆ لە جیهان بۆتە هەنگاوێکی سەرەکی بۆ گشت لایەنەکان. بۆیە لەلایەن کۆمپانیایەکی بەریتانی توانی سەیرترین (قەنەفە) دروست بکات، کە ئەم کۆمپانیایە تایبەتە بە دروستکردنی کەرستە وپێداویستییە سەرەکییەکانی ماڵ..

ئەم کۆمپانیایە ناوی (ئارت فۆرما)یە و بۆ هەنگاوێکی ژمارەی پێوانەیی توانی درێژترین (قەنەفە) دروست بکات لە (پێستی تیمساح). کە درێژی قەنەفەکە بریتی بوو لە (٧٣٢) سەنتیمەتر، واتە زیاتر لە (٧) مەتر، ئەمەش تاکە کۆمپانیایە بتوانێت پێستی تیمساحی بەدەست بکەوێت، چونکە هیچ تیمساحێك درێژییەکەی ناگات بە (٧) مەتر. ئەمەش لە ڕێگەی ئەوەی لە باشووری ئەفریقیا توانرا تیمساحێك ڕاو بکرێت کە نزیکەی (٦) مەتر دەبوو، لەلایەن ئەم کۆمپانیایە کرا بە قەنەفەی ماڵ. ئەمەش دەبێتە یەکێك لەم کەرستانەی کە بچێتە ناو ژمارەی پێوانەیی بۆ کەرستە سەیر و سەمەرەکان.





# مافوورێک تەنیا لە گوڵ

قەت لە ژیانتـــان مافوورتان بینیوە جگــە لە ماددەی خوری یان پەمۆ، ئینجا لە شتێکی دیکە دروستکرابێت! لە وڵاتـــی بەلجیکا ســـەیرترین و ناسکترین مافووریان دروستکرد، ئەم مافوورە لە ســـووف و خوری نەبوو بەڵکو لە (گوڵ) دروستکرابوو. ئەم مافوورە لە شاری برۆکسل نمایشکرا بۆ بەرچاوی گشت خەڵك لەماوەی (٣) رۆژدا، هەموو کەســـێك بۆی هەبوو کە سەیری بکات..

ئــەم مافــوورە لــە مــاوەی (٢) دروســـتکراوە و نزیکەی (٩٥) کەس کاریان تیایداکردوە تاوەکو بە ئەنجام گەیاندراوە، درێژییەکەی دەگاتە (٣٠) مەتر و هەروەها پانییەکەی دەگاتە (٢٠) مەتر، لە شـــوێنێکی گشـــتی



شاری برۆکســـل نمایشکرا چونکە شوێنێکی تایبەت یان گونجاو نەبوو تاوەکـــو مافوورەکەی لێـــوە نمایش بکەن. نمایشـــی مافوورەکە بۆ (٣) رۆژ و شـــەو بەردەوام بـــوو؟ بەڵام لەســـەر داوای خەڵك بۆ هەفتەیەك درێژکرایەوە. شـــەوانە بە گلۆپ و مۆم مافوورەکـــە رووناك دەکرایەوە. چەندیـــن نەخشـــی جـــوان لەنـــاو مافوورەکە کرابوو، ئەمەش بەهۆی رەنگەکانی گوڵەوە، چونکە چەندین گوڵی رەنگاوڕەنـــگ بەکارهێنرابوو لەوانە رەنگی (ســـوور، زەرد، سپی، ســـەوز). لەکاتی نمایشی مافوورەکە هەر کەسێك دەستکاری مافوورەکەی بکردایە سزاکەی لەسێدارەدان بوو.

# گەورەترین داری (کریسمەس) بۆ سەری ساڵ



بۆ یادکردنەوەی ســـەری ساڵ، کە تەنیـــا رۆژێکی مـــاوە و ئەمەش لەسەرتاپای وڵاتانی جیهان یادی دەکرێتـــەوە بـــە چەندین شـــێوە و شـــێوازی جیاواز. کـــە ئەمەش لە شەوی (١/٣١) یادی دەکرێتەوە لە کاتژمێر (١٢)ی شەو. هێمایەکی تایبەت هەیە بۆ ســـەری ســـاڵ، ئەویـــش رازاندنـــەوەی (دار)ە بە شتی جوان و گلۆپ و کەرستەی تایبەت، ئەمـــەش وەك هێمایەکی جوان لە گشت شوێنێك دادەنرێت.

بۆ ئەمساڵ پێشـــبڕکێیەکی سەیر دروســـتبووە لەســـەر دروستکردنی داری سەری ساڵ، ئەم پێشبڕکێیەش چەندین وڵاتی ئەورووپی گرتۆتەوە، لەوانە وڵاتی روسیا کە توانیویانە گەورەترین داری ســـەری ســـاڵ (کریسمەس) دروست بکەن، درێژی ئەم دارە کە لە شاری مۆسکۆ لە نزیك گۆڕەپانی (کەرملینی سوور) دانـــراوە دەگاتە نزیکـــەی (٤٠) مەتر بەرزی و رۆژانە تا ئێستاش دەڕازێنرێتەوە. تا ئێستا گەورەترین داری کریسمەســـە و وەك جوانترین کریســـمەس دادەنرێت بـــۆ ئەوەی یادی سەری ساڵی پێوە بکرێتەوە. نزیکەی (١٠) کەس رۆژانە لەسەر ئەم دارە کریسمەسە کار دەکەن بۆ ئـــەوەی زیاتر رازاوەتـــری بکەن. ئەم دارە نزیکەی مانگێکە کاری لەسەر دەکرێت..

## نوکتە


- کـــوڕە گەنجێـــك کچێکی خۆشدەویســـت، کچەکە داوای کرد بێتە داخوازی. کوڕەکەش شەو دەچێتە داخوازی کچەکە بە (جلـــی ماڵـــەوە). باوکی کچەکـــە بە کوڕەکەی گوت : بۆ بە جلی ماڵەوە هاتیت؟؟ کوڕەکـــەش دەڵێت : بۆ ئەوەی ئەگەر ئیشـــەکە رێکبکەوێت لێرە دەمێنمەوە !

- مامۆستای زیندەوەرزانی لە قوتابییەکانی دەپرسێت، ناوی (٢) گیاندارم بـــۆ بهێنن کە لەناو ئاو و لەســـەر وشکانی بژیێت! قوتابییەك دەڵێت : بۆق . مامۆســـتا دەڵێت ئافەرین، چی دیکەش؟؟ قوتابییەکی دیکە هەڵدەستێتەوە و دەڵێت: (بۆق)ێکی دیکەش!



# ساڵیادی مەیموونێک کرایەوە!

هەروەکو چۆن ساڵیادی لە دایکبوون بۆ منداڵان و کەسی دیکە ئەنجام دەدرێت، بەم شێوەیە ساڵیادێکی سەیر بۆ گیاندارێك کرایەوە، ئەم ساڵیادە بۆ مەیموونێك بوو، ئەمەش لە باخچەی ئاژەڵانی (دایتگتۆن) لە وڵاتی بەریتانیا ئەنجامدرا. بەهۆی ئەوەی ئەم مەیموونە تەنیا حەزی لە گێزەر و کێك دەکرد، هەر کاتێك منداڵێك نزیکی بکەوتایە بەهەست و سۆزێکی زۆرەوە یاری لەگەڵ دەکرد.



ئەم مەیموونە ناوی (کیڤۆ)یە و تەمەنی (٥) ساڵ دەبێت، لە ڕۆژێکی تایبەتدا کە بۆ ئەم مەیموونەیان ئامادەکرد بۆ ئەوەی وەك منداڵێك یادی بۆ بکرێتەوە، وەك هەر یادێکی لەدایکبوون کێکێکی تایبەتیان بۆ ئامادەکردبوو بەڵام لەجیاتی ئەوەی (مۆم)ی بۆ دابنێن بەڵکو (٥) گێزەریان دانابوو لەسەر کێکەکە. ئەمەش بووە هۆی جێگەی خۆشی مەیموونەکە کە لەم کاتە چەندین سەما و جووڵەی سەیری ئەنجامدەدا ئەمەش وەکو دەربڕینێك بۆ خۆشی. لەکاتی یادکردنەوەکە مەیموونەکە دەڕوات و مەیموونێکی دیکە دەهێنێت وەك هاوڕێیەکی تایبەتی خۆی لە ساڵیادەکەی ئاگادار بێت.



ئایا دەتوانی لەماوەی چەند خولەکێکدا جیاوازیەکان بدۆزیەوە



ئەمە بچووکترین مرۆڤی جیهانە


## کەلوووەکان

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩



ماوەیەکە بەرەو چەند گۆڕانکارییەکی تەواو ڕێگەت گرتووە و بەڵام ئاگاداربە نەبێتەهۆی گۆڕانی کەسایەتیت، لەگەڵ کەسی خۆشەویستت بە سادەیی مامەڵە بکەن و نابێت بەم ئاڵۆزییەوە لەیەکتر بگەن، کەسێکی تازە دەناسێت دەبێتە کەسێکی نزیکت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠



ئەو کەسەی جێگەی متمانەتە لەوانەیە لە کاتێکدا بەتەواوی پشت گوێت بخات بۆیە مەهێڵە لە نهێنییەکانتەوە نزیك ببێتەوە و ئەمەش بۆ کەسایەتیت باشە، کاتەکانت بە فیڕۆ مەدە و کارێکی تازەت بۆ ڕێکدەکەوێت، ڕێگەیەکی سادە بگرە لەگەڵ ئەوانەی سەردانت دەکەن.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



لەگەڵ ئەوەی بە هەستێکی ڕاستەقینەوە لەگەڵ کەسێك پەیوەندییەکی تەواوتان بەستووە بەڵام ئەمە نابێتەهۆی ئەوەی گرنگی پێنەدەیت و پشتگوێی بخەیت، لایەنەکانی مامەڵەکردنت لەگەڵ دەوروبەر بەرەو گۆڕانکاری هەنگاوی ناوە، ئەمەش دەبێت گرنگی پێبدەیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



ڕێگەیەکی سادە بگرە لەبواری پەیوەندییەکانت لەگەڵ کەسانی ماڵەوە و چونکە ئەوان متمانەیان بەتۆوە هەیەو دەبێت کارەکانت وەك قسەکانت بێت، ماوەی کارەکانت لەیەکترەوە نزیکە و بۆیە هەوڵبدە لە کورتترین ماوە زۆرترین کارەکانت بە ئەنجام بگەیەنیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



خەریکە لایەنی پەیوەندییەکانت لەدەست دەدەیت و چەند کەسێکی نزیك بە هەڵە لێت تێدەگەن و ئەمەش بۆ داهاتووی کارەکانت باش نییە، واهەست مەکە تۆ کەسێکی بە تەنهای و کەس ئاگادارنییە لێت، چونکە کەسێك هەیە ئاگاداریت دەکات و هەستت هەڵدەگرێت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



ئەگەر متمانەت بەخۆت نییە خۆت لە کاروباری کەسی دیکەوە هەڵمەقوڵێنە، چونکە وەك جاری پێشوو بۆت دەبێتە گرفتێکی گەورە. ئەو کەسەی هەستی پێدەکەیت و لە دڵت گەورەیە دەبێت ڕێگەی بۆ خۆش بکەیت تاوەکو بتوانێت هەستەکانی بۆت دەربکەوێنێت.

### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢



ئەو کەسەی هەستت پێناکات تۆش لە بەرامبەری مەوەستە و لێوەی قبوڵ مەکە ئەگەر هەر کارێکی پێسپاردی، ئەم ماوەیەی دواییت بە ناخۆشیەوە بردە سەر، لەگەڵ ئەوەی خاوەن دڵێکی سافی بەڵام کەسێکی نزیکت بە خراپ لە تۆوە تێگەیشتووە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١



بتوانە بەرژەوەندییەکانت بۆ تاکە کەس بێت و نەوەك بۆ گشت، چونکە زۆر کەس لە پەنای بەرژەوەندییەوە کاری خۆی لەگەڵت ئەنجامدا و تۆش زەرەرمەند بووی، کارەکانی داهاتووت بە ئەرکەوە دەبێت و بۆیە خۆتی بۆ ئامادە بکە چونکە تووشی گرفت دەبییەوە، لە دوو دڵی دوور بکەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١



کارەکانت پشتگوێ مەخە و گرنگی بە دڵی کەسی بەرامبەرت بدە، ماوەیەکە تووشی گرفتێك بوویت بەڵام لەلای خۆتەوە گەورەت کردووە چونکە لەداهاتوو دەترسێت، خۆت مەکە قوربانی حەزو ئارەزووی کەسی دیکە چونکە کاردەکاتە سەر کەسایەتیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩



ئەوەندە گرنگیت بەو کەسە داوە ئێستا لەخۆبایی بووە و بۆیە ماوەیەك هەوڵبدە لێوەی دوور بکەویتەوە چونکە ئەو بە هەڵە تێگەیشتووە لێت. ماوەیەکە خەریکی کارێکی گرنگی بەڵام ئەنجامێکی گەورەی نابێت، بۆیە ئەوەندە خۆتی بۆ ماندوو مەکە و بە سادەیی وەریبگرە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



کاری ئەمڕۆت مەخەرە ڕۆژێکی داهاتوو لەماوەیەکی نزیکدا تووشی داوی خۆشەویستی دەبیت بێ ئەوەی خۆت ئاگاداربیت، لەهەستی کەسی بەرامبەرت بگە و ئەم ماوەیەی داهاتوو دەبێتە کاتێکی خۆش بۆت، ئەوەندە متمانەت بەخۆت نەبێت چونکە باش نییە بۆت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



لەم ماوەیە کارێکی قورست پێ ڕادەسپێدرێت، ئەوکاتانەی پێویستیت بە فیڕۆ مەدە و سوودیان لێوە وەربگرە. لەگەڵ کەسێکەوە کاتێکی خۆش دەبەنەسەر و بیر لە گرفتەکانت مەکەوە چونکە زیاتر بۆت ناخۆش دەبێت، ئەو کەسەی لە دڵتە بۆت باش دەبێت و یارمەتی بدە.

ئیوان گەردی
iwan_gardi@yahoo.com